www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 10-4-2007 20:58

# ئێمە وەکو پزیشکانی بەشی ئۆنکۆلۆجی پێمان وایە کە خزمەت گوزاری کە لە بەشەکەمان باشترینە. بەراورد لە گەڵ هەمو سەنتەرەکانی عێراق و وڵاتانی دەوروبەر.

بەڵام ئێمە نابێت خزمەتگوزاریێکەمان بەراورد بە سەنتەرەکانی ئەمریکا و ئەوروپا بکەین. کەس و کاری نەخوشی ئۆنکۆلۆجی ئەبێت ئەوە بزانن کە نەخۆشی ئۆنکۆلۆجی واتە نەخوشی شێرپەنجە کە قورسترین نەخۆشی یە بۆ نەخۆش و کەس و کاری و بۆ ئێمەی پزیشکیش قورسترین جەنگە لە گەڵ نەخۆشیدا. و هەوڵی چارەسەری ئەدەین، بە لاٚم لە دەست چونی چەند نەخۆشێك مانای بەهای سەنتەرەکەمان کەم ناکاتەوە.

ئەوەی جێی داخە کەنوسەرێك بە ناوی هەڵۆ لە ماڵپەری کوردوستان نێت ەوە ئێمە لە کار دەکات و بەوەی کە لای ئەو وایە ئێمە بە شان و باڵی ئەم و ئەودا هەڵ ئەدەین.

وا باشتر بوو بۆ کاك (هەڵۆ) کە نازانم منالٚی لەوێ یە یان نا مانای ئۆنکۆلۆجی بە کوردی بزانیایە واتە نەخۆشی مەرگ، یان لەباتی ئەوەی لەسەر پزیشکە ماندونەناسەکانی ئەم بەشە بە ناشرینی بنوسێت کە هەوڵی رزگارکردنی ئەو نەخۆشانە ئەدەن هەوڵی بدایە یارمەتی ئەو نەخۆشانە بدات، بەڵام ئێمە لەسەر کاری خۆمان بەردەوامین و دەریا بە بەردەی کاك (هەڵۆ) لێڵ نابێت.

ماوەیەکە هەست ئەکەین کەوا کامپەینێك دژ بە بەشی ئۆنکۆلۆجی و بەرپرسانی هەیە، وە هەروەها هەست ئەکەین کەوا ناحەزانی پێشکەوتن و پێشکەشکردنی خزمەت گوزاری شوێنی باشیان دۆزیوەتەوە کە ماڵپەری کوردوستان نێتە بۆ دەربرینی قینی رەشی دڵیان بەم شێوەیە، ئێمە بە ئاشکرا ناوی خۆمان ئەنوسین چونکە راستین و لەسەر حەقین بەڵام هەڵۆ یان هەر کەسێکی تر کە ماڵپەری کوردوستان نێتیان کردوە بە سەنگەر بۆ خۆیان، با یاسا بکەن بە سەنگەری خۆیان و ئێمە ئامادەین بۆ هەموو جۆرە لێکۆڵینەوەیەك، جونکە لە رووی ئیداری و زانستیەوە هیچ هەڵەیەکمان نیە و کەس لە ئێمە شارەزاتر نیە لەو بوارەدا، وبا روون بێت بۆ هەمو لایەك ئەگەر شتێك هەبێت کە بکرێت بۆ ئەو نەخۆشانە ئێمە دوا ناکەوین.

یەکەم جارە بزانم کە بە ووتنی حەق ئەبێت بە کری گیراو یان هەرەشە لێکراو. ئێمە چەند بەڵگەیەکمان بە دەستەوەیە کە بەشەکەمان چەند پێشکەوتنێکی بە خۆیەوە دیوە لە ماوەیەکی کەمدا بە هاوکاری هەمو لایەك وەك:

1- زۆر بوونی ژمارەی نەخۆش لە موصل و شارەکانی ناوەراستی عێراقەوە بەشێکیان لە بەر باری ئەمنی بەڵام بەشێکیان لەبەر ئەوەی کە سەنتەرەکەی ئێمەیان پێ باشتر بووە لە رووی خزمەتگوزاری و دەستکەوتنی دەرمان و چاودێری پزیشکیەوە وەك بەغدا وموصل دا کە هەردووکیان سەنتەریان تێدایە.

2- بە پێی زۆر بوونی نەخۆش دەرمان زیا کراوە بەڵام کەمی دەرمان بۆ جاری دەهەم هەر لە کوردوستاندا نیە بەڵکو لە هەمو وڵاتانی دەورو بەردا هەیە. وەك بەڵگەیەك چەند نەخۆشمان هاتونەتەوە لە ئێران و ئەردەن لە بەر نەبوونی دەرمان یان لە بەر گرانی ئەو خزمەت گوزاریانیەی ئەو نەخۆشخانانە کە لای ئێمە بەبێ بەرامبەر و بە خۆرایی پێشکەش ئەکرێت، و لە بیرمان نەچێت کە زۆربەی زۆری نەخۆشی شێرپەنجە روو بە رووی مردن ئەبنەوە لە هەر شوێنێکدا بن لە جیهاندا، وەك نمونەیەك شای ئەردەن ی رابوردوو کە توشی ئەونەخۆشیە بوو لە کۆتایدا روو بە رووی مردن بووەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

3- دەربارەی ئەو خاڵانەی لە لایەن ئێمەوە بڵاو کراونەتەوە لە میدیادا هەموی راستن و ئامادەین بۆ ئەوەی کە هەر کەسێك بیەوێت بیانبینێت بە چاو ئەتوانێت بێت بۆ بەشەکەمان.

4- ئێمە کەسانێکین کە نە هەرەشەمان لێ کراوە و نە بە کرێ گیراوین و نە لە هەرەشە ئەترسین، بەڵکو ئەوەی کە ناوی خۆی نانوسێت یان ئەوەتا ئەترسێت یان بە کرێگیراوە.

5- بە راستی نوسینەکانی سەر کوردوستان نێت زۆر هەستی بریندار کردین بە شێوەیەك ئەبێ وەڵام بدرێتەوە و لە کاتمان بەرێت کە کاتی نەخۆشە نەك کاتی وەڵام دانەوەی قسەی دروستکراو و نا راست.

6- تکامان وایە کە بەڵگەکانتان بخەنە روو چونکە ئێمە بەڵگەکانمان بە دەستەوەیە و ئامادەین بۆ خستنە رووبان.

7- کێشەکانی بەشی ئۆنکۆلۆجی بەشێکە لە کێشەی رۆژانەمان وەکو پزیشك. بەڵام ئەم جەخت کردنە سەر کێشەی منالانی ئۆنکۆلۆجی گومان ئەخاتە سەر ئەم جۆرە نوسینانە.

8- هەروەها هەست ئەکەین کە داواکردنی یارمەتی ودروستکردنی کامپەینێك بۆ کۆکردنەوەی پارە ودەرمان بۆ نەخۆشەکانی ئۆنکۆلۆجی مەبەستێکی گومان لێکراوی تێدابێت و ئەو کەسەش لەوە دەچێت خۆی گومان لێکراوبێت بۆیە ناوی خۆی نانوسێت. لە بیرمان نەچێتەوە کە دەیان کەس لە دەرەوەی وڵات ئیشیان ئەوە بو کە پارە بە ناوی کوردوە کۆ بکەنەوە بۆ گیرفانی خۆیان.

9- سێ نەخوشی تازە نەمردوون لە بەشەکەماندا لە هەفتەی رابوردوودا وەکو ئێمەو و بەرپرسانی ئەو بەشە ئاگاداربین، و ئەوە شتێك نیە ئێمە بیشارینەوە.

10-لەم کاتەدا فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی لە سەر بوجەی پارێزگای سلێمانی نزیکەی200000 دووسەد هەزار دۆلاری ئەمریکی دابین کردوە بۆ کرینی دەرمان بۆ بەشی ئۆنکۆلۆجی، هەروەها وەزارەتی تەندروستی لیستێکی ئامادە کردووە بۆ کرینی دەرمان بە بری 160000 سەدو شەست هەزار دۆلاری ئەمریکی بۆ بەشی ئۆنکۆلۆجی لە سلێمانی، لە هەمان کاتدا لە بوجەی وەزارەتی تەندروستیدا 3000000 سێ ملیۆن دۆلار دانراوە بۆ دەرمان و پێداویستی بۆ ئەم بەشە.

د. باسل کازم عبداللە — د. هاژە عبداللە — د. ئاری عبدالرحمن

د. شوان علی — د. دەرمانساز. حسن صوفی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.